کۆمسیۆن: ئۆوانەی کارتی بایەمەتریان هەیە دەتوانن بنکەی دەنگدان بگۆڕن بە ناوەندەکی تایبەت بە دەنگدان

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق لە راگەیەندراوەکدا وتی، بەردەوامن لە تۆمارکردن و نوێکردنەوەی کارتی بایەمەتری هەزە ئەمنییەکان.

کۆمسیۆن دەشێت، ئەو دەنگدەرانەی پێشتر ناوی خۆیان لە هەزە ئەمنییەکان تۆمارنەکردووە و کارتی دەنگدانیان نییە یان کارتێکی کۆنیان هەیە دەتوانن سەردانی ناوەندەکانی تۆمارکردن بکەن بە تۆمارکردن و نوێکردنەوەی داتاکانیان بەشێوەی بایەمەتری.

هەروەها سەبارەت بە گۆڕینی کارتی دەنگدانی هەزە ئەمنییەکانیش دەڵێت، ئۆوانەی کە کارتی بایەمەتریان هەیە دەتوانن بنکەی دەنگدان بگۆڕن بە ناوەندێکی تایبەت بە دەنگدان، بە مەرجێک ژمارەی ئامارییان هەبێت.

هاوکات کۆمسیۆن دەشێت، هەزە ئەمنییەکان ناتوانن دەنگەکانیان لە تایبەتەوە بگۆڕن بە گشتی تەنها ئۆوانە نەبێت کە خانەنشینکراون یان دەستیان لەکار کەشاوەتەوە، یاخود ئۆوانەی کە دەنگەکانیان بەبێ ئاگاداری لە دەنگدانی تایبەتدا جێگیرکراوە.